

# پاییزی نیگەرانی

## شیعر

## هاوژین صلیوە



ناوی کتێب: پاییزی نیگەرانی
ناوی شاعیر: هاوژین صلیوه
چاپی یەکەم: ٢٠١٥
تایپ و ناوەوە: شاعیر
دیزاینی بەرگ: حامد محمد سەقزی
چاپ: چاپخانەی شەهاب- هەولێر
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٥٩٩)ساڵی(٢٠١٥)پێدراوە.

**پێشکەشە بەو کەسەی ناخی پڕکردووم**

**لە نیگەرانی...**

## ((سوورەتی جەنگ))

چونکە دەمم پڕە لەتۆ

ناتوانم ماچت بکەم،

چونکە چاوم پڕە لەتۆ

ناتوانم بتبینم.

چونکە گوێم پڕە لەتۆ

ناتوانم دەنگت بژنەوم،

چونکە دڵم پڕە لەتۆ

جێگای خۆمی تیانابێتەوە.

لەتیف هەڵمەت

# ناوەڕۆك



| ناوەڕۆك | لاپەڕە |
|---|---|
| سەرنجێك لە دیوانی "پاییزی نیگەرانی"- نووسینی: عەبدوڵڵای حەسەن زادە | ٨ |
| شانەیەك | ١٥ |
| ئیرەیی | ١٦ |
| فالانتاین | ١٧ |
| فیراق | ١٨ |
| مەمکەکانی خۆرەتاو | ١٩ |
| سەرخۆشێك | ٢٠ |
| لێوم بە لێوت نەگەیشتن | ٢١ |
| گۆی مەمك | ٢٢ |
| ناخم پڕە لە پەپوولە | ٢٣ |
| میناتۆر | ٢٤ |
| ئاگر و با | ٢٥ |
| تلانەوە بە دەست فەقەڕات | ٢٦ |
| تەکنەلۆژیا | ٢٧ |
| گەردەلوول | ٢٨ |
| مەمك | ٢٩ |
| دابڕان | ٣٠ |
| منی عاشق | ٣١ |
| ساتێکی دڵتەنگی | ٣٢ |
| چاوی مەمك | ٣٣ |
| هەردەم لە ئاستی ملکەچم | ٣٤ |
| نامۆ | ٣٥ |

| | |
|---|---|
| زمانی چاو | ٣٦ |
| پەنجە نەرمەکانی شنەبا | ٣٧ |
| مێو | ٣٨ |
| ئەشکەوتی تەنیایی | ٣٩ |
| پەیکەر | ٤٠ |
| دڵ | ٤١ |
| ماڵی شیعر | ٤٢ |
| ترس | ٤٣ |
| شەهید | ٤٤ |
| دیواری مانگ | ٤٥ |
| خێزانەکەم | ٤٦ |
| یادگاری | ٤٧ |
| ڕووباری سێو | ٤٨ |
| کاریکاتێر | ٤٩ |
| مناڵیم | ٥٠ |
| سپیترین گەشبینی | ٥١ |
| ڕۆیشتنم بەردەوامە | ٥٢ |
| فەلسەفەی نەمری | ٥٣ |
| سادیست | ٥٤ |
| تەنیایی | ٥٥ |
| ماراسۆن | ٥٦ |
| ئازار | ٥٧ |
| دەسڕێژە ماچ | ٥٨ |
| خۆشەویستیت دەمخنکێنی | ٥٩ |
| خۆڵەمێشی نامۆیی | ٦٠ |

| | |
|---|---|
| پاییز | ٦١ |
| چەنگێ نوقڵە شیعر | ٦٢ |
| چاڵی چەناگەت | ٦٣ |
| پەپوولە | ٦٤ |
| دوو تیلمە شیعر | ٦٥ |
| نیگەرانی | ٦٦ |
| وەسفی دەنگت | ٧٠ |
| ناسینێك | ٧٢ |
| كچی جوان | ٧٣ |
| دەستی ڕاستەی شێركۆبێكەس | ٧٥ |
| ماچە شیعر | ٧٧ |
| سۆزی نابینایەك | ٧٩ |
| شەوێك | ٨٢ |
| شكست | ٨٣ |
| فریادڕەس | ٨٥ |
| عودێكی شكاو | ٨٦ |
| ئازاری شەوێك | ٨٧ |
| فۆتۆیەك لە كۆبانێی سەربەرزەوە | ٨٨ |
| كوردستان | ٨٩ |
| هەموو جەژنێكت پیرۆز بێ | ٩١ |
| وشە پەپوولەییەكانم | ٩٣ |
| هاوێنە | ٩٤ |
| ئازاری دابڕان | ٩٥ |
| برینی دڵ | ٩٨ |
| پرۆفایل | ١٠١ |

## سەرنجێک لە دیوانی
# "پاییزی نیگەرانی"
## عەبدوڵڵای حەسەنزادە
## کۆیە، ئابی ٢٠١٥

بــرای شــاعیرو نووســەرو ڕوونــاکبیرم دوکتــۆر (هــاوژین صـلیوه)، لــە ڕووی لوتفــەوە دوابەرهــەمی شـێعریی خـۆی بـە نـاوی "پـاییزی نیگـەرانی" دایـە دەستم، کە بیخوێنمەوەو ڕای خۆمی لەسەر دەرببڕم. دەگـەڵ ئـەوەی بەڕاسـتی هـیچ کاتێـک لـەو بارەیـەوە خۆمم بە خاوەنئەزەر نەزانیوە، بە بێئەمـەگیم زانـی داواکــەی قبــووڵ نەکــەمو لێــی وەرنــەگرم. ئەگــەر بەدرەنگــەوەش بــووبێ، دیوانەکــەم ســـەرلەبەر خوێندەوەو ئـەوەی لـە خـوارەوە دەینووسم پوختـەی بۆچوونی من لەسەر ئەو بەرهەمە شێعرییەیە:

نایشـــــارمەوە چونکـــــە منـــــداڵی لادێ بـــــووم و لەســـەردەمی لاوەتـــیمدا زۆرکـــەم ســـەروکارم دەگـــەڵ شـیعری نـوێ هـەبووە و هەرلـەجێیشدا ئـەو شـێوازە شـیعرییە لـەنێو کـورددا کـەمێک تازەیـە، زۆرکـەم دەگەڵی ڕاهاتووم و بە وردەکارییەکانی ئاشنا بـووم. بـۆمن ئێسـتاش خوێندنـەوەو تێگەیشـتنی شـێعرە عەروزییـەکان ئاسـانترە، چونکـە ئـەو شـێوازە نیوگـەزێک دەداتـە دەسـت خوێنـەر تـا هـەموو دێـڕە شێعرەکانی پێبپێوێ و ئەگەر دێڕێک کورتی هێنا یان سەری کرد، هەڵیهاوێرێ و بڵـێ ئەمـەیان ناتـەواوەو دەبێ ڕاسـت بکرێتـەوە. بـەڵام شـێعری نـوێ قاعیـدەو قانوون و پێوانەی تایبەت بە خـۆی هەیـە، کـە ئـەمن زۆری تێـدا کـۆڵ و کڵـۆڵم. بۆیـە قسـەکردن لەسـەر سەنعەتی شێعری لـە دیـوانی "پـاییزی نیگـەرانی"دا، کە بەشی هەرە زۆری شێعری نوێیە، بـۆ شـارەزایانی ئەو بوارە بـەجێ دێڵـم و بۆخـۆم لـە هێنـدێ ڕوانگـەی دیکەوە چاو لەو بەرهەمە ئەدەبییە دەکەم:

-مانـــــای جـــوان و دەربڕینــــی ناســـک وەک ســتاتیکایەک، بــە زۆربــەی زۆری شـیعرەکانی ئــەم دیوانەوە دیارە. لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە ماناکان بـە ئاسـانی خـۆ بەدەسـتەوە دەدەن و مەتەڵۆکـە لــە خوێنەر داناهێنن، شتێک کە بەشبەحاڵی خۆم ئەگەر لەبەر کەمدەسەڵاتییشم بێ حەزی پێناکـەم. هـەروەک نموونــە ســەیرێکی ئــەم دوو کۆپلەیــە بکــەن کــە هــەر کامێکیشیان شێعرێکی سەربەخۆیە:

خونچە لەداخی گۆی مەمک
پڕبەپڕی کرایەوە،
کە زانی جوانیی ناگا بەو
لەداخا خۆی بەردایەوە

+++

ناخم پڕە لە پەپوولە
سەرگەردانم بۆ گوڵی ڕووت
[بە] شنەی شەماڵی [عیشقم]
پەرچەم [لەسەر] کوڵمت بزووت

+++

– ئەوە ڕاستە کە زۆر وەخت بابـەتێک (شـێعر بـێ یان پەخشان) خۆی چوارچێوە بۆ خۆی دیـاری دەکـا. بەڵام ئەوەش هونەرێکە، کە نووسەر بتوانێ مەبەستی خـۆی بــە کــورتترین دەســتەواژە دەربــبڕێ، یـــان ڕستەکانی کورت بن. لە نووسینی پەخشانی کـوردیدا قەڵــەمی مامۆســتا حوســێن عــارف لــەو بارەیــەوە سەرتۆپە. دوکتـۆر (هـاوژین)یـش ئەمـەی لـە شـێعردا تاقی کردۆتەوە. ڕاستە لـەم دیوانـەدا بەتایبـەتی لـەو شێعرانەی، کە زیاتر گرنگی بە کـێش و سـەروا داوە، شـێعری کــەمێک درێــژیش دەبینــین، بـــەڵام بەشـــی زۆرتریان لە چەنـد دێڕێکـی کـەم تێناپـەڕن. بڕواننـە شێعری "تلانەوە بەدەست فەقەڕات" کـە بـە دوو دێـڕە شێعر، یان بڵێین بە دوو نیوەدێڕ لێبۆتەوە:

دڕک گەرای ئازاری خۆی

لە پەلوپۆی من داناوە

+++

– چاوخشـاندنێک بـەم دیوانـە شـێعرەدا، بۆمـان دەردەخـا کـە شـاعیر چەنـدە ئـۆگری خوێندنـەوەی بەرهەمی شاعیرانی پێش خـۆی و هاودەورەکانیـەتی، چەندە کاری تێدەکەن و چەندە ئاویتـەی شـێعرەکانی خۆی دەبـن و هـەر لەوکاتـەدا چەنـد بـە ڕاستگۆیی و ئەمانەتەوە دان بە بوونی ئەو کاریگەرییەدا دەنێ. بۆ جـوانترکردنی کارەکـەی خـۆی لـە هێنـدێ جێگـادا گەوهـەری شـاعیرانی دیکـەی دەگـەڵ ملوانکـەی شێعرەکانی خۆی هۆنیوەتەوە، کەچی لـە چـووکترین هەڵێنجاندا لەبیری نەچووە، کە ئامـاژە بـە خـاوەنی ماناکان یان دەربڕینەکانیان بکا. خوێنەری بەڕێز لـە خوێندنەوەی ئەم بەرهەمەدا هەموو ئەمانە بـە چـاوی خۆی دەبینـێ و پێویست ناکـا ئێمـە قامکیـان لەسـەر دابنێین.

– شتێکی بۆمن لە هەمووی ئەمانـە سەرنجڕاکێشترە زمانی شاعیرە. دەزانین کە دوکتـۆر هـاوژین سـریانی زمانەو کوردی بە زمانی زگماکیی ئەو دانانرێ. کەچی پیـاو لـە خوێندنـەوەی شـێعرەکانیدا لەگـەڵ

کوردی‌یەکی ڕوان بەرەوڕووو دەبێ، کە بەزەحمەت لە لاوێکی خوێندەواری شاری چاوەڕوان دەکرێ. لەوە گەڕێ کە دەتوانم بڵێم بە دەگمەنیش تووشی وشەیەکی نامۆ نابی. گرنگتر لەوە بەکارهێنان و گونجاندنی وشەو زاراوەکان لە شوێنی خۆیاندایە. تەنانەت لە یەک جێگاش شاعیر ناچار نەبووە لەو پاساوە کەلک وەرگرێ کە دەڵێ "یجوز للشاعر ما لایجوز لغیره" -ئەوەی بۆ خەڵکی دیکە دروست نیە بۆ شاعیر دروستە- . لەبیرمە جارێکیان دەگەڵ شاعیری گەورەی کورد، عەبدوڵڵا پەشێو باسی ئەوەم کرد، نێوچاوانی تێک‌ناو گوتی: قەتم باوەڕ پێی نەبووە، پاساوێکی قۆڕە، کە هێندێ‌کەس باری خواری خۆیانی پێ ڕاست دەکەنەوە.

پیرۆزبایی لە مامۆستای شاعیر دەکەمو دەزانین کە جگە لەم دیوانە تائێستا زۆر بەرهەمی دیکەی لە بواری شێعرو وەرگێڕان و لێکۆڵینەوەدا خستوونەتە سەر گەنجینەی ئەدەبی کوردی و دڵنیام کە دوای ئەم کارەش قەڵەمەکەی هەر لەکاردا دەبێ و شوێنەواری

بەنرختر بەرهەم دێنێ. سەرکەوتنی زیاتری بۆ بە ئاوات دەخوازم و بۆ کەموکوڕیەکانی ئەم کورتە نووسینەش داوای لێبووردن لە شاعیری بەڕێز و خوێنەرانی دیوانەکەی دەکەم.

## ((شانەیەك))

شانەیەك خۆی تاودەدا لەقژیەوە

توند بیگرێ،

چەندی كردی بەردەست نەبوو،

بەڵام كاتێ تاڵەموویێكی چەنگ كەوت،

حەیران بوو بەنەرم و نیانی و بۆنی خۆشی،

تابەیانی بەسەرخۆشی، بۆی پاڵكەوت.

٢٠١٣/٦/٤

## ((ئیرەیی))

که لێوی جگەرەیەك ئەمژی،
هەناسەم پڕئەبێ
له دووکەڵی ئیرەیی،
حەلقە حەلقە بخوری پیرۆزی ماچ
بەرەو عەرشی خودا.

٢٠١٤/١١/٣

## ((فالانتاین))

لە ڕۆژی عاشقاندا

گوڵە شیعرم بۆهێناون،

بەترپەی دڵ بۆنی بکەن،

بیدەن لەبەرۆکی ڕۆحتان.

٢٠١٤/٢/١٤

## ((فیراق))

بەفری فیراقت

چۆڕچۆڕ،

بەسوێبانی

تەنیایمدا دادەچۆڕێ.

٢٠١٣/٦/٤

**((مەمکەکانی خۆرەتاو))**

**شیری سوور لەمەمکەکانی ئاگر دەچۆڕێ،**

**شیری ڕووناکیش لەمەمکەکانی خۆرەتاو.**

**٢٠١٣/٣/٢٨**

## ((سەرخۆشێك))

سەرخۆشێك بەخێلی هەنگاوی دەنا،

نیگای لاوێك بەگاگۆڵكێ

بەرەو تەنوورەی كچێ ڕێی دەكرد.

٢٠١٣/٥/٢٣

### ((لێوم بەلێوت نەگەیشتن))

**لەخەونمدا ماچەکانم**

**بە پەیژەی پەلکەکانت[1] سەردەکەوتن،**

**کە دەگەینە**

**سەر ڕوومەتە لووسەکانت**

**هەڵدەخلیسکان و دەکەوتن.**

**٢٠١٣/٩/٥**



---

(1) پەلك= کەزی

***((گۆی مەمك))***

**خونچە لەداخی گۆی مەمك**

**پڕ بە پڕی کرایەوە،**

**کەزانی جوانیی ناگا بەو**

**لەداخا خۆی بەردایەوە.**

**٢٠١٣/٦/٤**

## *((ناخم پڕە لە پەپوولە))*

**ناخم پڕە لە پەپوولە**

**سەرگەردانم بۆ گوڵی ڕووت،**

**بە شنەی شەماڵی عیشقم**

**پەرچەم لە سەر کوڵمت بزووت.**

**٢٠١٥/٧/١١**

## ((میناتۆر))[1]

**لە نێو هاوێنەی چاوانتا**

**ڕووخساری خۆمم بینیوە،**

**میناتۆری عیشقی تۆ بوو**

**وێنەی منی**

**لەدیدەتا هەڵکۆڵیوە.**

**٢٠١٥/٧/١٢**

---

[1] میناتۆر= ئەو نیگارو نەخشە وردانە دەگرێتەوە، کە لەسەر پارچە شتی گچکە وێنە دەکێشرێن،(مانی٢١٥- ٢٧٤ز) یەکێکە لەیەکەمین نیگارکێشە میناتۆریستەکانی ڕۆژهەڵات...

## ***((ئاگر و با))***

**ئاگرو با بەسەمایەکی زۆرشێتانە**

**جووت دەبن،**

**با سادیستانە ئاگر دەکوژێت.**

**٢٠١٣/٦/٤**

***((تلانەوە بەدەست فەقەڕات))***

**دڕك گەرای ئازاری خۆی**

**لەپەلوپۆیی من داناوە.**

**٢٠١٣/٦/٤**

## ((تەکنەلۆژیا))

تەپوتۆزی تەکنەلۆژیا

سروشتی لێ شێواندین،

شەوانی منالّیم نایێنەوە؛

ئەوشەوانەی لەسەربان

بەباوەش ئەستێرەم کۆدەکردەوە.

٢٠١٣/٦/٤

## ((گەردەلوول))

پەڕێك لە باڵی ڕەشەبا بەربووەوە و

بەلوولپێچی هاتەخوارێ و

بووە گەردەلوول.

٢٠١٤/١١/١٤

## ((مەمك))

**هەناسەم پڕبووە لەبۆنی لیمۆ**

**دەمم ئاوی تێزاوە**

**بۆ دوو لیمۆکەی سەرسینگت.**

**٢٠١٤/٣/٢**

## ((دابڕان))

چۆتیٚ پێڵاوی لاوی ماوی

عاشق و ماشق،

هەر پێکەوە ڕێیان دەکرد،

بەڵام کە پیربوون!

یادگارییەکانیان لەبیرکرد.

٢٠١٤/١/٨

## ((من عاشقم))

کانیی دەمم

هەرماچی لەبەر دەڕوا،

دڵم هەرترپەی

خونچە گوڵی سوور لێدەدا.

٢٠١٤/٥/١٦

## ((ساتێکی دڵتەنگی))

((ئەم زەریا گەورەیە ناتوانێت

پووشێکی بێزاریم ڕابدات))[١]

ئەم خۆرەتاوە

وەك وردە کەرپوچی زەرد

بەسەرما دەبارێ،

بولبول بە چەکوشی دەنگی

سەرم دەکوتێتەوە.

٢٠١٤/٣/١٨

---

(١) لە شیعرێکی (شێرکۆ بێکەس) وەرگیراوە.

## ((چاوی مەمك))

گۆی مەمك بوون بە دوو چاو،
بە چاویلکەی ستیانی ڕەش،
بە دنیایەك شەهوەتەوە
سەیرم دەکەن.

٢٠١٤

## ((هەردەم لە ئاستی ملکەچم))

سەر باڵەکانی پەپوولەو
پێستەی پڵنگ لەیەك دەچن،
شاعیرانیش لەئاست هەردووکیان مل کەچن،
بەڵام لەباخچەی شیعری مندا
هەر پەپوولەی
ڕەنگاوڕەنگن دێن و دەچن،
لەنێوانی خوێنڕێژی و
شیلەی ژیان،
من موحتاجی پەپوولەمەو
هەردەم لەئاستی مل کەچم.

٢٠١٤/١/٢

***((نامۆ))***

**هێندە نامۆم**

**وا خەریکە بەرەو ئۆتیزم بڕۆم و**

**فێ بگرم بۆعیشقی تۆ.**

**٢٠١٥/٦/٢**

## ((زمانی چاو))

**بەسەری زمانی بیلبیلەی چاوەکانم**

**ماتیکی سەر لێوەکانت دەلێسمەوە.**

**٢٠١٣/٢/١٨**

## ***((پەنجە نەرمەکانی شنەبا))***

**پەنجە نەرمەکانی شنەبا چەند جوانن،**

**کاتێ تەزبیحات بەهێشووە  قەزوانێك دەکەن.**

**٢٠١٣/٢/١٣**

## ***((مێو))***

**سواری جل سەوزی گەڵایەك،**

**لەسەرپشتی**

**ئەسپە شێی**

**هێشووە تریێ،**

**یاهو، یاهو...**

**کەمەندی تولان دەهاوێ**

**بۆگرتنی چڵە درەخت.**

**٢٠١٣/٤/٨**

## ((ئەشکەوتی تەنیایی))

ترپەترپی ئازار

لە ئەشکەوتی تەنیاییمدا دادەتکێ،

شەمشەمە کوێرەی خەم نەبێ،

هیچی تری تیا نابینم.

٢٠١٣/٦/١٠

## ((پەیکەر))

**درەخت پەیکەری بارانە،**

**تاڤگە پەیکەری ئاو،**

**چلورەی سوێبان پەیکەری شەختە.**

**٢٠١٤/١١/١١**

## ((دڵ))

**چۆلەکەیەك لەنێو سینگما دەفڕێ،**

**تانەگاتە سەر درەختی گۆڕستان**

**نانیشێتەوە.**

**٢٠١٣/٦/١٣**

## ((ماڵی شیعر))

لەدەرگای بچوکی حەرفێکەوە
چوومە نێوماڵی شیعرێك،
هێند گەورە بووم،
نەمتوانی بێمە دەرەوە.
لەدەرگای بچوکی حەرفێکەوە
چوومە نێو ماڵی شیعرێك،
هێند بچووك بوومەوە
لەهەموو لایەك بەڕاکردن هاتمە دەرەوە.

٢٠١٣/٦/١٣

# ***((ترس))***

**بەفر لەترسی هەتاو**

**خۆی چۆڕاندە ژێر زەوی.**

**٢٠١٥/٤/٥**

## ((شەهید))

شەهیدێ

لەسەر تاشەبەردی خوێناوی دانیشتووەو

ئازار لەزامەکانیدا دەچۆڕێ و

زەردەخەنە بۆ داهاتوو دەکا.

٢٠١٣/٧/١٦

## ((دیواری مانگ))

پەڕەموچی مەلێکی سپی

بە تەنیشت دیواری خەرمانەی مانگ،

بە کۆنسێرتی مەلە کۆچەرییەکان

بە سەماو عیشقەوە

بۆ ئامێزی هێلانەی کۆترێ هاتە خوارێ.

٢٠١٣/٧/١٦

## ((خێزانەکەم))

نارین هاوسەفەری

ڕێگا دڕکاوییەکەی ژیانم،

ڕین خورپەی دڵم،

ژین سۆزی دەروون،

ئێوەم نەبێ کەپری ئاسوودەیم

ئاگری نامۆیی دەیسوتێنێ...

٢٠١٣/٤/٣

**((یادگاری))**

**بە قەڵەمی زەمانم**

**دەفتەری لێوەکانتم**

**پڕکرد لە ڕستەی ئەوین.**

**٢٠١٥/٦/٢٠**

## ***((ڕووباری سێو))***

**جەستەی کچانی جوان**

**لە خۆڵبارینا**

**بەخەمبارییەوە دەبارێ؛**

**لەولاشەوە**

**ڕووبارێك سێوی سوور**

**بەخوڕ دەڕژێ،**

**شەپۆلی بۆنی سێو**

**دەمباو دەمباو دەمبا...**

**بەرەو خۆشەویستی تۆ.**

**٢٠١٣/١٠/١٢**

***((کاریکاتێر))***

**پاقلاوە بەگوێز،**

**جادە بەتا- سسسس، سسسسس؛ سسس. سە**

**توێکڵە گوێزی بن ددانی تایەی سەیارە:**

**خرم خرم، غرب غرب غررررررب.**

**٢٠٥٠/١٣/٣٥**

## ((منالّیم))

منالّیم سێوێکی غەریب بوو،

بەرلەوەی بۆنی کەم

بەرلەوەی تامی کەم،

هەر بەکالّی ڕەشەبای نامۆیی

لە درەختی تەمەنمی وەراند.

٢٠١٣/٩/٢٩

## ((سپیترین گەشبینی))

خەمێکی ڕەش ڕەش دەبارێ،

حەز دەکەم بەدەستە سەوزەکانم

شێرە بەفرینەیەکی سووری لێ دروست بکەم و

بیکەمە دیاری سپیترین گەشبینی.

٢٠١٣/٩/٢٩

## *((ڕۆیشتنم بەردەوامە))*

**نووسینی گەورەترین کتێب**

**لە وشەیەکەوە دەست پێدەکاو بە کۆتا دەگا.**

**درێژترین ڕێگا**

**لە هەنگاوێکەوە دەست پێدەکاو**

**دەگات بەمەنزڵ.**

**کەچی ئەوە چەند ساڵە من**

**پێدەشتی نەهامەتی عیشق دەکوتمەوە**

**سیزێف ئاسا**

**بەدوای وەهمی ویساڵت وێڵم و**

**ناگەم بەتۆ.**

**٢٠١٣/٩/٢٢**

## ((فەلسەفەی نەمری))

**سەرم پڕبووە لە شەپۆلی ئاڵۆز،**

**گێژەنی کام نەهامەتی ونم دەکا،**

**گەرای عیشقم دەبەخشم بەئاو،**

**ڕۆژێك دادێ لە کەنارەکانی مێژوو**

**سەوز دەبمەوە.**

**٢٠١٣/٧/٢**

## ((سادیست))

**پەنجەرەی برینەکانم دەکەیتەوە،**

**ئەی سادیست**

**بە شنەبای خوێنم هێور دەبیتەوە.**

**٢٠١٣/٦/١٣**

## ((تەنیایی))

**چکچکەی ئەشکەوتی تەنیایم**

**شاخی ئومێدمی سمی؟!؟!؟.**

**٢٠١٣/٦/١٠**

## ((ماراسۆن))

وابەگەرمی سەیرم مەکە و

پشکۆ مەچزێنە بەجەرگم،

دڵم لەم ماراسۆنە

هەناسەی دەبڕێ.

٢٠١٣/٦/١٢

## ((ئازار))

لەناو دڕکە زەردەی نەهامەتیمدا

دەنگی جیکجیکەی ئازار.

٢٠١٣/٦/١٠

## ((دەسرێژە ماچ))

ئێوارەیە
جریوە جریوی چۆلەکەکان
دەسرێژە ماچی ژنانە،
بەسەر کوڵمەی
دوا تیشکی سووری زەردەپەڕ.

٢٠١٣/١٠/٢٩

## ((خۆشەویستیت دەمخنکێنێ))

خۆشەویستیت بێ سنوورە

((بە بەرزایی ئاسمان و بە قووڵایی دەریاکان))[١]

ناپێورێ،

خۆشەویستیت

وەك تاڵە ئاوریشم

بەرۆحمدا تۆپەڵ بووەو

هاکا ڕۆژێ دەمخنکێنێ.

٢٠١٣/١٠/٢٧

([١]) لە شیعرێکی (نزار قەبانی) وەرگیراوە.

## ***((خۆڵەمێشی نامۆیی))***

**خەمەکانم باوەشێن کە،**

**با پەنگرەکانی تەمەنم**

**زوو بن بە خۆڵەمێشی نامۆیی.**

**٢٠١٣/١٠/٢٥**

## ***((پاییز))***

**کە پەڕ لەباڵی کۆترو**

**گەڵا لە لقی درەخت دەبێتەوە،**

**درەختەکە لەفڕین دەکەوێ و**

**کۆترەکەش لەترسی پشیلەی پاییز**

**لە گۆشەیەکا هەڵدەکورمێ.**

**٢٠١٣/١٠/٢٣**

## ((چەنگێ نوقڵە شیعر))

١- پەپوولە بێشەرمانە مەمکی گوڵ دەمژێ.

٢- سەموون پڕپڕە لە یادگاری

گوڵگەنم و

لە ترپەترپی باران و

لە چریکەی بولبول...

٣- دار لە داڵ گۆشتخۆرترە؟؟؟؟.

٤- ((ئەم ماستە مووێکی تێدایە))[١]

مووێکی سپی.

٥- لەنێو شەپۆلی چڕنووکی خەمدا،

هاواری چۆلەکەی ئازار.

٢٠١٣

---

(١) لە فۆلکلۆری کوردییەوە وەرگیراوە.

## ((چاڵی چەناگەت))

چاڵی چەناگەت
وەك چاڵی سێوێكی سوور،
وەك خونچە گوڵێكی نەپشكفتوو،
حەزی منیش پەپوولەیەكی باڵشكاو.

٢٠١٣/١١/٣

## ((پەپوولە))

پێشتر پەپوولە کرم بوو،
بەڵام کاتێ عاشقی گوڵ بوو؛
سەوداسەر بوو کەوتە خەیاڵ،
گوڵە هێرۆ پەڕەکانی بۆ کردە باڵ،
گوڵە زووڕنا چەند تاڵێکی لەڕیشی خۆی
هەڵکێشاو بۆی کردە قاچ،
گوڵە نازناز، دوو ناوکە هەڵاڵەی خۆی
بۆکردە تاج.
لەوڕۆژەوە بۆ شیلەی گوڵ کەوتە کار،
کە گوڵە لالە تاڵێکی خۆی بۆکردە زار.
تاوس کە بینی هێند جوانە؛
هێند بەخشندەو میهرەبانە؛
چەند نەخشێکی لە پەڕەکانی داتەکاند،
بەباڵی پەپوولەی لکاند.
خاڵخاڵۆکەش هەندێ خاڵی
جوان و ناسکی بەدیاری نارد.

٢٠١٣/١/١

## ((دوو تیلمە شیعر))

### ١- سوپڕانۆی[١] دەنگت

ناخی پڕ کردووم لە سەوزە گیای خۆشی.

### ٢- ئاوی شەهوەتت دایگیرساندووم!

ئای کە سەیرە ئاو ئاگر بکاتەوە.

٢٠١٣

(١) سوپڕانۆ= دەنگی ناسکی کچی هەرزەکار.

## ((نیگەرانی))

((چەند باڵندە پێویستی بەباڵە بۆ فڕین))[١]
چەند ماسی پێویستی بە ئاوە بۆژیان،
منیش هێندە پێویستیم پێتە.
جێم مەهێڵە،
لە دووریی تۆ هەناسەم تەنگ ئەبێ،
سەرچاوەی خوێنم وشك ئەكا،
بێ تۆ پڕپڕ ئەبم لەمەینەتی و
لە نیگەرانی، لەناموٚیی، لە ڕەشبینی.
بێ تۆ وەك وڵاتێكی وێرانم،
بێ تۆ ڕۆحم خوێنی لێدەچۆڕێ،
دڵم لە فڕین دەكەوێ.
وەرە وەك جاران
سەرخۆشم كە بەشەرابی خۆشەویستیت...

---

(١) لە شیعرێكی سریانی وەرگێراوە.

هەناسەم پڕکەوە لە بۆنی گوڵە پرتەقاڵ،

دەستەکانم پڕکەوە لە لەزەتی گوشین.

لەنێو کەلتورێکی نامۆ دەژیم

ڕوانینم تەنها دوورگەکانی نەهامەتی دەبینن،

وڵاتم پڕپڕە لە بۆنی غەریبی،

وەکو جاران بەهار دڵشادم ناکا؛

ورشەی ئەستێرەکان زەردەخەنەم پێ نابەخشن،

تریفەی مانگ هەروەك گلۆپێکی بێگیانە لام.

بێ تۆ وەك یاقوتێکی ونبووی نێو دەریام

خۆمم پێ نادۆزرێتەوە!!!

هەموو ڕێگاکانی ژیان تاریکن؟؟،

تاڤگەکان بەباوەش نامۆیی هەڵدەڕێژن،

درەختەکان بەری نامۆییان گرتووە!

خۆرەتاو پڕپڕە لە نیگەرانی!!!

ڕووبارەکان سیخناخن لە تارمایی مەرگ،

هەناسەم لێوڕێژە لەحەسرەتی دووریت.

وەرەوە گوڵدانی دڵم پڕکەوە لەگوڵی خۆشەویستیت،

پەنجەکانم موتوربە کە بەپەنجەکانت.

ئێستا من بوویم بە لوتکەی غوربەت و

ئالآی نیگەرانی لەسەرم دەشنێتەوە،

پێدەشتی ئەوینم سەرتاپا ئاگر،

نامۆییم وەك ژیشك لەقاوغی ناوم؛

نامۆییم بووە بە کەلەپچەو

باسکی دڵمی تۆق کردووە.

وەك شوشە شەرابێکی کۆنەساڵ

پڕپڕم لە تەلیسمی مەستی!!!

پاییز لە ناخما گرمۆڵە بووە و

ساڵڕێزانمە.

دیواری ماڵەکەم

بە دارستانێك سنەوبەری تەڕ چێ کراوە؛

فەرشی ماڵەکەم نێرگزجاڕە،

شیشەی[١] پەنجەرەكان قامیشی تەڕو ناسك،

دەرگای دوودەریی ماڵەكەم:

لایەكی مانگەو لایەكی خۆر.

گڵۆپی ژوورەكەم ئەستێرەن،

گەچی لێوڕێژم لە نیگەرانی و نامۆیی،

پڕپڕم لە بێ تۆیی،

نامۆیی دەستی لە ئەوكم ناوە

هاكا ڕۆژێ ئەمخنكێنێ.

٢٠١٥/٤/٢٤

---

([١])شیشە= مەبەست لە كەتیبەو ئەو پارچە ئاسنانەیە، كە بە چوار چێوەی پەنجەرەوە لكاون، واتا مەبەستمان (شوشە)یا شیشەی فارسی نییە.

## ((وەسفی دەنگت))

من چۆن بکەم وەسفی دەنگت،
وەك ئاوازی مۆسیقایە،
سوپاس بۆ یەزدانی مەزن،
کە ئەودەنگەی بەتۆ دایە؛
هێندە نەرمن وشەکانت،
وەك لە ژێی عودا ڕژابن،
هێند بەسۆزن چپەی نەرمت؛
لە گەرووی بولبول ترازاون.
وشەکانت وەك ڕەوە مەل،
گوزەر دەکەن بە خەیاڵم،
بۆشەوانی تەنیایی من،
مەرهەمی دڵەی زامدارن.
بەهاری دڵ ئەوکاتەیە،
کە کوێم لە دەنگی تۆ دەبێ،
لە ئاوازی وشەکانت،

دڵم مەست و حەیران ئەبێ.

یەك بەیەکی مووی سپی جەستەم

ڕەنگی ڕەش ڕەش دەبێتەوە،

بەهاری جوانی و گەنجیی من،

دووبارە دەگەڕێتەوە.

دەنگت با نەبڕێ لە گوێما،

دەنا بەچۆك دا دێمەوە،

وەك درەختی دەم ڕەشەبا،

بەسەریەکا ئەشکێمەوە.

٢٠/٨/ ٢٠١٤

## ((ناسینێك))

یەك جار گوێم لەدەنگت بووە،
تاکو ئێستاش لە گوێم ماوە،
وەك مۆسیقای نەرمە باران،
بەسەر شەپۆلی دەریاوە.
یەك جار بالآتم بینیوە،
تا ئێستا لە زەینم ماوە،
گەرای ئەوینێکی شێتی،
لەناخی نەستم داناوە.
یەك جار تەوقەم لەگەڵ کردووە،
نەرمایی دەستیم لەبیرە،
تەزوویێکی هێندە گەرمی
هێنا بەمدڵە یەخسیرە.

٢٠١٤ /٩/٣

## ((کچی جوان))

تۆ بەهێزیت وەك شاخی هەیبەسوڵتان،

باوەڕ ناکەم وا بڕووخێی کچی جوان.

ڕێگات هەموو ئەستێرەی پڕشنگدارە،

داهاتووت ڕووناکی خۆرە دیارە.

کۆسپ و تەگەرە مەخە پێش چاوانت،

بەرز بڕوانە بۆ داهاتووی جوانت.

چاوی شینت سامالّی بێ غوبارە،

عیشقی پاکت ڕەوانە وەك ڕووبارە.

هەناسە و نرکەی ناخت زۆر پیرۆزە،

حەسرەت کێشانی من بۆ تۆ بەسۆزە.

ئەگەر چی ڕۆژگار شیلەی خۆشی بردین،

کەلتووری نارەوا لەیەکی کردین.

بەلاّم بەخوا لە ناخم هەر تۆ زیندووی،

عیشقت ژیلەمۆیەو قەت نەمردووی.

هەتا ڕۆژی نەفخی سوورو دوایی،

جەرگم دەدەڵێنێ ژەهری جودایی.

٢٠١٥/٦/٦

## *((دەستی ڕاستەی شێرکۆ بێکەس))*

دەستی ڕاستەی شێرکۆ بێکەش

شەش پەنجە بوو،

یەکێکیان نینۆکی سوور بوو

جگەرە بوو.

لەم نینۆکە سوورە دا

تروسکەو سۆتەکەی بەئازار،

دوکەڵی سووتانی گوندەکانی کوردستان و

هاوارو کسپەی دەروون بوو.

کاتێ شیعر لە دووکەڵی دەمییەوە بەرپا دەبوو،

پەنجە دوکەڵوییەکەی دادەناو

لە جێی ئەودا

پەنجەی شینی قەڵەمێکی فرمێسکاوی

ڕوومەتی کاغەزی تەڕدەکرد،

ئەو بەردەوام دەستی ڕاستەی

شەش پەنجەبوو،

جارێك پەنجەی خەیاڵی دوكەڵاوی و

جارێك پەنجەی بەئازاری فرمێسكاوی بوو،

ئەو بەردەوام دەستی ڕاستەی شەش پەنجە بوو.

٢٠١٥/١/٢

## ((ماچە شیعر))[1]

کاتێ کێلی بێکەس شکا،

کاتێ پەیکەری خۆشەویستی

ئاگردرا؟!!؟؟؟

لە جێی پەیکەر

دوو درەختی ئەرخەوانی جوان؛

وەکو لاولاو تێکئالآن و

بەری ماچە شیعریان گرت.

لە جێی دوو کێلە قەبرەکەش،

---

(1) ئەم شیعرەم وەك نارەزاییەك نووسیوە، چونکە ئەوکات لە سلێمانی پەیکەری خۆشەویستی لەلایەن دەستێکی چەپەڵ سوتێنراو لە هەمان کاتیشدا کێلی گۆڕی (شێرکۆ بێکەس شکێندرا، وەك نارەزاییەك، کورو کچێکیش لەبەردەم کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، لە جێی پەیکەرە سوتاوەکەی خۆشەویستی یەکتریان ماچکرد.

**دوو ڕۆمانە شیعری جوان جوان،**

**بەقەد بەژنی شێرکۆ بێکەس**

**باڵایان کرد.**

**٢٠/١٠/٢٠١٣**

## ((سۆزی نابینایەك))[1]

چەند حەزدەکەم خۆم و ناخم
بەیەکەوە دابنیشین،
ئاخ و شەرابی دڵداری
ئەگەر زەهریش بێ بینۆشین.
لە دووریی تۆ هەموو ڕۆژێکم سووتانە،
هێند پڕت کردووم لە عیشق،

(١) پێشکەشە بە (دڵزاری بەکراغای کۆیی)، ئەو مرۆڤەی لەڕێی کوردایەتی و لەهەرەتی گەنجی و جوانیدا چاوەکانی لەدەستدا، لە دانیشتنێکدا (کاك دڵزار) باسی هەستێکی پەنگخواردووی خۆی کردو قسەکانی کاریتێکردم، ویستم لەڕێی موعاناتی ئەوەوە شۆڕببمەوە بۆنێو جیهان و حەزو تایبەتمەندییەکانی سەرجەم نابینایان، وە لەهەمان ڕۆژ ئەم شیعرەم نووسی.

تا بۆ دیدەم بووی بەتانە.
من بەچاوی دڵ ئەتبینم[1]،
هەست بەجوانی جەستەت ئەکەم،
هەرچی حەزی نەهاتە دی،
لەدەنگتا بەدی ئەکەم.
لە دوورەوە بانگم ئەکەی،
بەچاوی گوێ جوان ئەتبینم،
بە ئاراستەی دەنگەکەت دێم
بالأبەرزی خوێن شیرینم.
کە من ئەگەمە بەردەمت
پڕپڕ ئەبم لەحەزی شێت،
چرای دڵم دائەگیرسێ
بۆ ڕووناکی تاریکی ڕێت.
ئەی شاکچی ناسك و نازدار

---

(1) دەربڕینی (چاوی دڵ)، (مزفر نواب)ی شاعیری عەرەب، لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیستەم لەشیعرێکدا بەکاریهێناوە.

بۆنی پرچی جوانت ئەکەم،

دەبا بەم دەست و پەنجانەم

زوولْفی خاوت شانە بکەم.

هێند گیرۆدەی قژی ڕەش بووم

تا داپۆشی نووری ژیانم،

جگە لە قژی ڕەشی تۆ

هیچی تر نابینێ چاوم.

نازدارەکەم:

تۆبەهاری ژینمی

ئەگەرچی تەمەن ڕوو لەپاییزە،

باوەڕ بکە خۆشەویستیت وەك کوردستان لام ئازیزە.

٢٠١٤/١٢/٢٥

## ((شەوێک))

ئەمشەو دڵم پڕپڕ بووە،

ناخم پڕ جۆش و گڕ بووە،

هەر ئەستێرەی ورشەدارە

دەڕژێتە نێو دیدەمەوە.

مانگ کە تریفەی قژی جوانی

بەسەر شانی تاریکیدا

هێند بەبێ ناز هەڵڕشتووە،

دەڵێی نەو بوکی پەردەیە؛

لەسەر سنگی خۆشەویستی

بە ئارامی لێی نووستووە.

٢٠١٥/٧/١

## ((شکست))

بۆ بەسەربردنی کاتی خۆش
لەگەڵم دەدوای،
منی سادە
نەمدەزانی کە تۆ ئاوای،
قژی خۆزگەو حەزەکانمت دەڕنیەوە،
لەناو گڕی پەرچەمتدا
تاڵ تاڵ ڕۆحمت دەچنیەوە،
کە ڕۆیشتی کۆست کەوتوو بووم
وەك هەتیوی بێ داك و باب،
تەمەنی جوانیت سووتاندم
شیلەی گەنجیمت دا بەبا.
مارانگازم لە گشت عیشقێك
نزیك نابمەوە لە ژوان،
دەرگای دڵم داخستووە
کوێ هەڵدەخەم لە تریپەی ژان.
تۆ ئاوێنەی دڵمت شکاند
پەرت و پەخشان بۆ هەزار لەت،

ڕۆحمت بەگڕی چاو سووتاند

دڵمت خستە نێو قەفی پەت.

ئەی بێوەفا

چەندان شەو بێدارت کردم،

هێند ڕاوەستام لەسەر ڕێتا

هەروەکو دار وشکت کردم،

ئەو زەبرەی تۆ لەدڵمت دا

وا بەسەریەك تێکتشکاندم،

نازانم چۆن ئێستا ماوم،

چۆن وەزگم نەداو نەمردم.

بڕۆ ئیتر جارێکی تر

پەپوولەی ڕۆحم نایەتە زیارەتی چاوت،

لە توێی دڵما کوژاندمەوە

یادگاری و وێنەو ناوت.

٢٠١٤/١/١

## ((فریادرەس))

(پێشکەشە بە قوبادی جەلیزادە)

هەمیشە جوانی و ئیلهامی
شیعری شیرینت لەبەر دەڕوا،
ئەی کانییە سازگارو
وشك نەبووەکەی ڕۆحی ئەپۆلۆ[١]
تۆ و چەندانی وەك تۆ نەبێ،
لەم چەرخە خەزانە خەراباتە خەمناکەدا،
حەزی ناخمان،
بەشمشێری ناحەزییان
سەردەبڕدرێ،
گەرووی سۆزمان وشك دەبێ،
مەیلی جوانیمان کوێر دەبێ و
بیستنیشمان ژەنگ دەیگرێ.

٢٠١٥/٦/٢٩

---

(١) ئەپۆلۆ: خواوەندی شیعرە لای یۆنانییەکان.

## ((عودێکی شکاو))[١]

**عودێکی شکاو**

**بە دیواری کەلاوەیەك هەڵواسرابوو،**

**لەناویا هێلانەی تەیرێك و**

**لە شوێن ژێیە پساوەکانیش**

**جریوە جریوێکی دلڕفێن.**

**٢٠١٣/١٠/١٨**

---

**([١]) پێشکەشە بەهاوڕێی ئازیزم هونەرمەندی عودژەن**

**(د. هێمن عەبدولحەمید)**

## ((ئازاری شەوێك))

ئەمشەو یارم لێم تۆراوە،
خەو لەچاوانم ناکەوێ،
هەناسەم پڕ لە ئاگرەو
شەپۆلی ناخم ناسرەوێ.
من وامزانی تۆرانەکەی
کۆتاییەو هەتاسەرە،
نەمزانی ئەویش وەکو من
دڵ پڕ ئازارو کەسەرە.
ئەمشەو لە حەژمەت عیشقی تۆ
تا بەیانی من نەنووستم،
دواتر زانیم هەر وەکو من
تۆش ئەسرینت بۆ هەڵڕشتووم.

٢٠١٥/٦/٢٥

## ***((فۆتۆیەك لە كۆبانێی سەربەرزەوە))***[١]

خەوی ئارامیای زڕاندم

((بازرگانی فرمێسك و خوێن))،[٢]

ڕێكخراوەكانی جیهان و

جاڕنامەی مافی مرۆڤ لە كوێن؟

٢٠١٥/٦/٢٥

---

(١) دوای ئـازادكردنی كۆبانـێ لەلایـەن هێـزی كوردسـتانەوە, لـەڕۆژی ٢٠١٥/٦/٢٥ لەلایـەن چـەكدارانی داعشـەوە هێـرش كرایەوە سەری، بەدەیان پیاو و ژن و منالّ شـەهید بـوون، ئـەو شیعرەشم لەبارەی ئـەو منالّەیـە، كەوێنەكـەی لـە فـەیس بـوك بلاّوكرابـووەوە، زۆر كاریگـەر بـوو لـەنێو نوینـە شـڕەكەیدا شەهیدیان كردبوو.

(٢) لە شیعرێكی (هێمن)وەرگیراوە.

## ((کوردستان))

شەنگال پڕە لە پێپەتی؟!
سەراپا شەلاڵی خوێنە،
ئاوێنەی ژین تەڵخ بووە
کارەساتێکی بێوێنە.
بڵێسەی ئاگر، لەناخی دڵ،
بەرپا دەبێ بۆ کۆبانێ
چاومان نەزیفی فرمێسکەو
دوا کارەساتیشمان نابێ.
قەتل و عامی مەسیحییەکان
لە بەغدێدێ[1] و شوێنانی تر
خوێنی گشتیان بۆ کوردستان،
بوو بە قەڵغان، ئاکرو گڕ.
دڵم پڕە لە ناسۆرو
فرمێسکم لە چاو بڕاوە،
لەکارەساتی سمێلە

(1) بەغدێدێ= حەمدانیە.

ڕووباری خوێن وارڕژاوە.
میللەتێکی هێند چەوساوە،
دەریایێ خوێنی بەخشیوە،
چاویان بەجوانی هەڵنایێ،
دەورو پشتیان لێ تەنیوە.
بەڵام میللەتی قارەمان
ئازا و کۆڵنەدەر و نەمر،
هەڵمەتیان وا بەردەوامە،
هەروەکو شێر هەڵۆ و بەور.
تازە کاروانی خەباتمان
بۆدواوە ناگەڕێتەوە،
ڕۆژێك دادێ گەل ئازاد بێ و
تۆڵەی گشتی بسێنتەوە.

٢٠١٥/٦/٢٦

## ((هەموو جەژنێکت پیرۆزبێ))

لە ئێستاوە تاکوماوی
گشت جەژنێکت لێ پیرۆزبێ،
نەوەك هەرگیز نەتبینمەوە
یا ڕێی هاتنەوەت لێ ونبێ.
بەهاتنی هەرجەژنێکە
بەم وتەیە یادم بکە،
ئەگەر ڕوخسارم نەبینی
یادگارییەکانمان ماچ بکە.
نەوەك زەمانە لوولم دا
بمپێچێتەوە بۆ گۆڕی تار،
هەموو جەژنێکت پیرۆزبێ
ئەی خانمی ناسك و نازدار،
چەپکێ گوڵی خۆشەویستی
لەگەڵ سێ چوار ماچی شیرین،
لای من ماون بۆ یادگاری

**چراخانی شەوگاری ژین.**

**جەژنت پیرۆزبێ خانمەکەم**

**هەموو ساڵێ هەربەخۆشی**

**یاخوا ((ڕێی ژینت گوڵڕێژ بێ))[١]**

**دووربی لەخەم و نەخۆشی.**

**٢٠١٥/٧/١٧**

---

[١] لە گۆرانییەکی بەهجەت یەحیا وەرگیراوە.

## ***((وشە پەپوولەییەکانم))***

**وەك پەپوولە ئەوم دواند،**

**وشەی نەرمم**

**بە سپایی بە گوێی چرپاند،**

**کەچی باڵی پەپوولەی وشەکانمی سووتاند،**

**بێبەزەیی**

**تاقە گوڵی**

**گوڵدانی**

**دڵمی هەڵوەراند.**

**٢٠١٥/٧/١٤**

## ***((هاوێنە))***

**پەرچەمت هاتۆتە سەررووت**

**هاوێنەیەو ڕاوەستاوە،**

**نیگام تیشکی خۆرەتاوە**

**لەناویا داگیرساوە،**

**خاڵی ڕەشی سەرگۆناکەت**

**کۆکراوەیی تیشکی چاومە،**

**سوور هەڵگەڕانی ڕوخسارت**

**سووتان و تین و تاومە.**

**زۆر مەوەستە بەرامبەرم**

**با عیشقی من نەتسوتێنێ،**

**خاڵی ڕەشی سەر ڕوومەتت**

**وەکو شوعلە گڕ بسێنێ.**

**٢٠١٥/٧/١٤**

### ((ئازاری دابڕان))

ئەمرۆ گوێم لە دەنگت نەبوو،
وەك مەیخۆرێکی بەد مەستم،
لەمئێوارە غەمگینەدا،
دڵ پڕ ئازار گەڵێ پەستم.
دەروونم پڕە لە گڕو
دڵم سیخناخ لە نامۆیی،
ڕۆژگارم بەهەدەر دەڕوا،
بۆچیمە ژینی بێتۆیی.
ئەو ڕۆژەی کە سەفەرت کرد،
چاوانم بوون بە دوو ڕووبار،
نیگام هەوری فرمێسکی گرت،
هێند بەگەرمی دەهاتە خوار.
ئەمزانی ئەم سەفەرەیان،
ڕۆیشتنی یەکجارییە،
دوا نامەی کە تۆ بۆت نووسیم،

نیشانەی ماڵئاواییە.

کە ئەتزانی ئەم عیشقەمان،

کۆتاییەکەی هەمووی ژانە،

ڕێگەی بەرەو یەکتر چوونمان،

لێکترازان و دابڕانە.

بۆچی هێندە هۆگرم بووی،

منت خستە گێژاوی خۆت،

بووم بە تاڤگەی ئاگرو خەم،

وا ئازار هەڵدەڕێژم بۆت.

ئەو بەهارەی کە پێکەوە،

گەشتێکمان کرد بۆ نێو گوڵزار،

ماچ و گوڵێکت پێ بەخشیم،

وتت یادم بکە جارجار.

ئێستاش کە دێتەوە یادم،

پڕپڕ دەبم لە سۆزی تۆ،

جێی ماچەکە گەرم دادێ،

دڵم دادەخورپێ بۆتۆ.

ئەو گوڵە سوورەی پێت داوم،
لە نێو گوڵدانێ دامناوە،
هەرچەندە کە وشك بووە،
لای من جوانیی نەشێواوە.
یادگارییەکان بوون بە بەشێك
لە ڕابردووی ژیانی من،
هەر بەو خەیاڵەوە ئەژیم،
ڕۆژێك دادێ دەبیت بۆمن.
جارجار لە خەونا ئەتبینم،
بەچەپکێ گوڵ دێیتەوە لام،
پڕ بەنیگا سەیرت ئەکەم،
ناخت پڕئەبێ لە وەڵام.
١٩/٦/ ٢٠١٥

## ((برینی دڵ))

لەبەهارا لێم دابڕای،

لەپاییزا بینیمیەوە،

بینینێکی زۆر کاتی بوو،

دیسانەوە ون بوویەوە.

ئەمجارەیان برینەکانم،

بەقووڵایی داچوونەوە،

قەتماغەی کۆنیان داڕووشاو

برینی تازەش دروست بوونەوە.

من ناتوانم لە بیرت کەم،

ئەگەرچی تۆ زۆر لێمدووری،

خۆشەویستیت دەمسوتێنێ،

خودایە پێم دەی سەبووری.

تۆ ئێستاکە لە نێو ڕۆحمی،

هەست بەماناو بوونت دەکەم،

شەو و ڕۆژ تۆ لە خەیاڵمای،

ناتوانم فەرامۆشت کەم.
خەو و خۆراکم نەماوە،
ژیانم چەرمەسەرییە،
ئەوەی خەندەو خۆشی هەبێ،
لە ژینی من بێبەرییە.
ڕەنگم زەردو هەڵبزڕکاو،
ڕێگای ژینم لێ شێواوە،
فرمێسکم چەشنی ئاگرە،
بەگڕی دڵ داگیرساوە.
خودایە هەڵمسێنەوە،
بمخەرەوە ڕەوتی ژیان،
هەتا نەمچێشت من نەمزانی،
ئاوایە ژانی دابڕان.
لەو ڕۆژەوەی لێم دابڕای،
سروشتیشم لا شێواوە،
گشت ئەستێرەی بەرزی ئاسمان،
هیچ جوانییان لام نەماوە.

خۆرەتاو وا نەزیف بووە،
خوێنی تیشکی لێ دەچۆڕێ،
مانگیش بەتاقی ئاسمانا،
ڕووی جوانی خۆی لێم دەگۆڕێ.
شاخ و دۆڵ و گوڵ و گوڵزار،
بیابانی چۆڵن بۆ ژینم،
چارەی دەردم بە تۆ دەکرێ،
دەواو دەرمانی برینم.
هەمیشە دێنەوە یادم،
بەژنی بەرزو چاوی جوانت،
کەس ناتوانێ لە توێی دڵم،
دەربێنێ یادگاری و ناوت.

٢٠١٥/٦/٢٣

# پرۆفایل(⋆)



د. هاوژین صلیوە عیسا کەریم لە دایکبووی (١- ٥- ١٩٧٩) هەرمۆتە- کۆیە.

ساڵی (٢٠١٢) دکتۆرای لە ئەدەبی کوردی بەدەست هێناوە.

**کتێبە چاپکراوەکانی:**

**١- لە پاییزەوە بۆ بەهار، شیعر، ٢٠٠٧**

**٢- وێنەی هونەری لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا، توێژینەوەی ئەدەبی، ٢٠٠٩**

**٣- خوشکە نەسیمۆ، کۆمەڵێ حیکایەتی سریانی، وەرگێڕانی لە زمانی سریانییەوە بۆ زمانی کوردی، ٢٠١٢**

**٤- مۆسیقای نامۆیی، شیعر، ٢٠١٣**

**٥- ڕەهەندی دەروونی لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا، توێژینەوەی ئەدەبی، ٢٠١٣**

**٦- خۆری دەق و ئاوێزەی ڕەخنە، ڕەخنەی ئەدەبی، ٢٠١٣**

**٧- مێژووی هەرمۆتە، ٢٠١٣**

**٨- هەڵبژاردەیەك لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس، وەرگێڕانی لە کوردییەوە بۆ زمانی سریانی، ٢٠١٥**

**٩- پاییزی نیگەرانی، شیعر، ٢٠١٥.**

**ئەوکتێبانەی ئامادەی چاپن:**

**١- ئیرۆتیك لە شیعری (حەمام)ی شێرکۆ بێکەسدا، توێژینەوەی ئەدەبی، کاری هاوبەش لەگەڵ د.دەریا حەوێزی.**

**٢- کاریکاتێر لە شیعری کوردیدا، توێژینەوەی ئەدەبی.**

**٣- تۆبۆگرافیای چیا و ناوە جیاوازەکانی، فەرهەنگۆکێك تایبەت بە چیا.**

**(★)تێبینی: ئەم وێنەیەم لە لایەن هونەرمەند (قەرەنی جەمیل) کێشراوە.**

**((لەسەر ئەرکی شاعیر چاپکراوە))**

hawzhen.slewa@gmail.com